- ئەمە (کلۆون)ە . لە کوردستاندا بە (کلۆون) دەڵێن ئیشکەڕن. ئەم ئیشکەڕنە سەماکەرە و دەتوانێ سەماتان بۆ بکات. ئەگەر ئێوەش ئەم ئیشکەڕنە ساز بکەن، دەتوانن سەمای پێ بکەن.



# ئیشکەڕن سازکردن

ـ بۆ سازکردنی ئەم ئیشکەڕنە بەمجۆرە بچنە پێش:

1- لاپەڕەیەکی تەنک و ناسک لە سەر تەواوی بەشەکەنی ئیشکەڕن دابنێن و کۆپییەکی لێ هەڵگرنەوە.

2- ئەم کۆپێیە بخەنە سەر کاغەز مقەوایەکی ئەستوور.

3- بە وریایی و وشیاری، بە مەقەست دەوراندەوری هەموو بەشەکان هەڵپاچن و هەر چوار بەشەکان وەکی خۆی ڕەنگ بکەن.



- لەم لاپەڕەیە دا هەر دووک بەری ئیشکەڕنەکەتان لێ دیارە.
- ئەو شوێنانەی کە نیشانەی هاوڕەنگیان لێ دراوە، لە سەر یەکیان دابنێن و پێکەوە مونتاژیان بکەن.
- ئەو پەتە سوورەی کە لە پشتی ئیشکەڕنەکە دا دیارە، دەبێ بە چەشنێک لە کونەکاندا گرێ بدرێن، کە پێش هاتوو چۆی دەست و قاچی ئیشکەڕنەکە نەگرن. بۆ مونتاژکردنی دەست و قاچی ئیشکەڕنەکە لەم جۆرە دەرزیلانە کەڵک وەربگرن کە لە خوارەوە نیشان دراون.





